# کانی بۆ گوڵان :

# بێگومان عاشق بووم

**کانی لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و هەر لەوێش تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، دواتر کوردستانی بەجێهێشتووەو لە هەندەران گیرساوەتەوە، ئێستاکەش لە هۆڵەندا قوتابی ڕاگەیاندنە و لە بەشی تەلەفزیۆن بڕوانامەی یاسا سەرەتاییەکانی بەدەستهێناوە، ماوەیەکە خەریکی نووسینە بەتایبەتی شیعر و ئێستاش خۆی ئامادە دەکات بۆ تۆمار کردن و وێنەگرتنی چەند گۆرانییەک، لە دەرفەتێکدا کانی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە/ ڕۆشنە**



*** بۆچی بەشی ڕاگەیاندنت هەڵبژارد؟**

- وەك حەز و ئارەزوو هەمیشە حەزم کردووە لە بواری ڕاگەیاندندا کار بکەم.

*** جیاوازی ڕاگەیاندن لە کوردستان و دەرەوە چۆن دەبینی؟**

- بە ڕاستی لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازییەکی ئێجگار زۆر هەیە لەنێوان ڕاگەیاندنی هەندەران و کوردستان، بەجۆرێك ناتوانم پێکەوە بەراوردیان بکەم، دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەرووی کوالیتییەوە لێرە واتە دەرەوەی کوردستان زۆر باشترە، هەروەها لەرووی هەڵبژاردنی پێشکەشکار بۆ بەرنامەکان و کارەکان بەپێی پرۆگرام و توانایی ئەنجام دەدرێن، بەڵام لە ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا زۆر کەس دەبینم کە توانای کاری ڕاگەیاندنیان نییە کەچی بەرنامە پێشکەش دەکەن یان دەرهێنان دەکەن.

***ڕۆڵی ئافرەتان لە ڕاگەیاندنەکاندا چۆن دەبینی؟**

- هێشتا ئافرەت زۆر کەمە لەنێو ڕاگەیاندنی کوردی، بەخۆشحاڵییەوە لە چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن چەند ئافرەتی بە توانا دەبینم، بەڵام دەتوانم بڵێم لە دوو یان سێ زیاتر نین، بەو هیوایەم لە داهاتوو ژمارەیان زیاتر بێت

*** حەز دەکەی لە چ بوارێکی ڕاگەیاندندا کار بکەیت؟**

- ئەگەر بکرێت دەمەوێ لە تەلەفزیۆنێکی سەربەخۆدا کار بکەم، کەناڵێکی ڕاستگۆ، یەکسان و کوالیتیەکی باشی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانم کاری باش و خزمەتێکی زیاتر پێشکەش بە بواری ڕاگەیاندنی کوردی بکەم.

***چۆن بوو بەرەو هۆنینەوەی شیعر و هۆنراوە هەنگاوتان نا؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت لە دارشتنەکانی قوتابخانەوە فێری نووسین بووم، بەڵام دەتوانم بڵێم خەمی غوربەت و شەوە تاریکەکان هاندەری سەرەکیم بوون بۆ بەهرەی شیعریم، هەر بۆیە دوای دوو ساڵ نیشتەجێ بوونم لە وڵاتی هۆڵەندا یەکەم هۆنراوەم بڵاوکردەوە بەناوی (بیرت ئەکەم)، غوربەت وشەی هێنایە بەر دەرگای دڵی من و داوایان کرد بیاننووسم.

*** چ پێناسەیەکت بۆ شیعر هەیە؟**

- شیعرتەنیاییم لە باوەش دەگرێت، فرمێسکەکانم دەسڕێت، بێدەنگی پڕ ئاواز دەکات، دەتوانم بڵێم شیعرهەناسەم پێدەبەخشێت.

*** تا چەند بایەخ بە شیعری کلاسیکی دەدەی؟**

- شێعری کلاسیکی بۆ من قوتابخانەیەکی مەزن و پیرۆزە، چەپکێ نێرگزی چوار وەرزە لە شیعردا، من زۆر حەز بە خوێندنەوەی شێعری کلاسیك دەکەم و زۆر سوودی لێ وەردەگرم، بەڵام بەداخەوە کە وشەی عەرەبی و بێگانەی زۆری تێدایە ئەویش بەهۆی ئەوە داگیرکردنە

بەردەوامەی کوردستان، کە بە درێژایی مێژوو تووشی وڵاتەکەمان هاتووە.

***زۆرێك لە شاعیران دەڵێن دەبێت زمانی شیعرگشتگیر بێت بۆ ئەوەی خەڵك بە گشتی تێبگات، تۆ ڕات چییە بەرامبەر بەم قسەیە؟**

- بە ڕای من ئەمە هەڵەیە، چونکە چینێکیش هەیە لە زمانی گشتی شەقام تێناگات، بە بۆچوونی من شیعرئەگەر لە فەلسەفە دوور بێت باشترە، چونکە ئەو کاتە هەموو چینێك لێی تێدەگەن، بەڵام کە نووسینی فەلسەفی خرایە ناو شیعرەکەوە ئەوا زۆر کەس سەر لەو نووسینە دەرناکەن و ناتوانن هەستەکانی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە

***تائێستا هیچ لە هۆنراوەکانت لەلایەن هونەرمەندەکانی تر کراوە بەگۆرانی ؟**

- بەڵێ هۆنراوەکانی من لەلایەن چەند گۆرانیبێژێکەوە کراوە بە گۆرانی، لەوانە هونەرمەند ئەیوب عەلی، دانیا، دەروون، بڕوا تەها، ڕێکەوت، جوانەمەرگ ئەردەلان بەکر و چەندین هونەرمەندی دیکە کە ڕەنگە ئێستا ناوەکانم لە بیر نەبێت، هەروەها چەند هونەرمەندێکی دیکە کە سەرقاڵی تەواو کردنی بەرهەمەکانی خۆیانن کە هەندێکیان تێکستی منە

*** ئێستا هونەرمەندە ئافرەتەکانمان گلەیی ئەوە دەکەن کە گوایە ئافرەتی تێکست نووسمان نییە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر تێکست نووسی پیاو؟**

- ڕاستە ئافرەتی ئێمە کە دێتە مەیدانی نووسین زۆربەیان بڕوایەکی تەواویان بەخۆیان نییە، پێویستە پیاو زیاتر لە نووسینی ئافرەتان بەکار بهێنرێت، بە هەستی کچێك یان ئافرەتێك بێت بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر بنووسرێتەوە و بکرێتە گۆرانی. هێشتا ئافرەتی گۆرانیبێژ هەیە بەسەر ئافرەتدا گۆرانی دەڵێت کە ئەمە زۆر زۆر جوان نییە، لە کاتێکدا ژیان بەو شێوەیە پێشکەوتووە.

*** تاچەند توانیوتە لە هونراوەکانت باس لەڕەگەزی بەرامبەرت بکەی؟**

- پێویست ناکات بۆخۆم ئەوە باس بکەم، چونکە خوێنەر شایەدی ئەوەیە کە من تا ڕاددەیەکی باش هەوڵەکانم سەرکەوتوو بووە، لە نووسینی هۆنراوە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر و لە زۆر هۆنراوەکانیشدا وشەی کوڕ و هەستی تەواوی کچێك دەبینرێت، بە خۆشحاڵییەوە بەردەوامیش دەبم

*** بیستوومانە خەریکی تۆمار کردنی گۆرانی و دەتەوێ لەم بوارەدا هەنگاو بنێی؟**

- من گۆرانیبێژ نیم، بەڵام لە منداڵییەوە زۆر حەزم لە نواندن و گۆرانی بووە و دەمێکە حەز دەکەم گۆرانییەك بکەمە دیاری ڕۆحی بێگەردی شەهیدانی شاری باو باپیرانم هەڵەبجەی شەهید، خۆشبەختانە توانیم ئەم ساڵ گۆرانییەکە تۆمار بکەم کە تێکستەکەی هی خۆمە و ئاوازی بافڵ سەرهەنگە و وێنەگرتن و دەرهێنانی لەلایەن یاد میدیا ئەنجام دراوە و پەنا بە خوا لە یادی هەڵەبجە بڵاودەکرێتەوە، هیوادارم توانیبێتم شتێکی باشم پێشکەش کردبێت.

*** تاچەند باوەڕت بەخۆت هەیە کە لەم بوارەدا سەردەکەوێ ؟**

-من ناتوانم بڕیار لەسەر ئەوە بدەم، چونکە تەنیا بیسەری ئەو گۆرانییە دەتوانن دیاری بکەن لە وتیندا سەرکەوتوو دەبم یان نا، بەڵام ئەگەر بمزانیبایە توانای



گوتنی گۆرانیم نییە هەرگیز بۆ خۆم لەو بوارە نەدەدا.

*** گەر سەرکەوتنت بەدەست هێناو خەڵك پێشوازیەکی زۆری لیکردی، بەردەوام لەسەر ئەم هونەرەت؟**

- ئەو کات بەشێوەیەکی ئەکادیمی پەرە بە دەنگ و ئەدای گوتنی گۆرانی خۆم دەدەم و دواتر بڕیار لەسەر بەردەوامی وتنی گۆرانی و سروودی نیشتمانی دەدەم.

*** ڕات بەرامبەر ئافرەتە هونەرمەندەکانی کورد چۆنە ؟**

- بە ڕای من هەر کەسێك دێت و شتێك پێشکەشی جەماوەر دەکات و جەماوەرێکی تایبەت بەخۆی دەبێت جا زۆر بێت یان کەم، من بۆم نییە تاکێك بەرەنجێنم، بەڵام بە ڕای خۆم هەندێك لەو ئافرەتانە بە بوێر و سەرکەوتوو و دەنگێکی باش دەزانم، هەندێکی دیکەش هەن گوێیان بۆ ناگرم، چونکە ستایلی گۆرانی گوتنیان لەگەڵ من ناگونجێن.

*** تا ئێستا کانی ئاشق بووە؟**

- دڵ نییە لەسەر ئەم گەردوونە جارێك بە تاسەوە بۆ کەسێك لێنەدات، من هەموو کاتێك عاشقم گەر عاشقی کوڕێکیش نەبم، دونیایەك عەشقی تری پاك و جوان هەیە وەك قردێلە بە قژی هەست و نووسینەکانمەوەن، بەڵێ بێگومان کانی عاشق بووە.

***حەز دەکەی ئەو کەسەی ببێت بەهاوسەرت چۆن بێت ؟**

- وەکو خۆم سادە بێت و ئەوەی لەنێو دڵیەتی لەسەر زمانیشی بێت، کەسێکی ڕاستگۆ و بەسۆز بێت کە بتوانێت دڵم ڕابگرێ و ڕێزی بۆ ئیشەکانم و بۆ خۆمی هەبێت و لەیەك تێبگەین.

*** داوپرۆژەت چییە ؟**

- ئێستا خەریکی ئەو گۆرانییەم کە بۆ هەڵەبجە ئامادەم کردووە، لە داهاتووشدا چەندین خەون یان پرۆژەی دیکەم لە مێشکدایە، بەڵام نازانم تا چەند ڕۆژگار دەرفەت دەدات بەدییان بهێنم.

# دەشتی بەشداری لە ئاهەنگێکی نەتەوەییدا دەکات



دەربارەی دوایین کاری خۆی هونەرمەندی لاو دەشتی کەلهوری تایبەت بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند ئێستا سەرقاڵی کۆنسێرتێکی گەورەیە لەهۆڵەندا بەبۆنەی یادی جەژنی نەورۆز کە جیاوازی هەیە لەگەڵ کۆنسێرتەکانی پێشوو، چونکە ئەم جارە کۆنسێرتەکە مۆرکێکی تەواو نەتەوەیی پێوە دیارە.

دەشتی هەروەها وتی: بەنیازم گۆرانییەك بۆهەڵەبجە بڵێم هەروەها گۆرانی «ئەم ڕۆژی» جارێکی تر بەشێوەی سەمفۆنی بڵێمەوە. ئەو گروپە سەمفۆنیاش کەکاریان لەگەڵدا دەکەم پێکهاتووە لەسێ کۆراڵ کۆنسێرتەکەش لەشاری لایڤنی هۆڵەندییە و ڕۆژی لە٣/١٩ئەم کۆنسێرتە ئەنجام دەدرێ . من تاکە گۆرانیبێژێکم بەشێوەیەکی سەرەکی بەچوار گۆرانی بەشدارم، ئەوانی تر تیپی نامۆی منداڵانن بەسەرپەرشتی نامدار قەرەداغی، هەروەها گۆرانییەکی تر بەشێوەی دوێت لەگەڵ هونەرمەندێکی ئافرەتی هۆڵەندی بەکوردی لەگەڵم گۆرانی دەڵێت و ئاوازی مامۆستا نامدار قەرەداغییە، هەروەها هونەرمەندێکی تر بەناوی »کامەران موستەفا « ئەویش بەگۆرانیەك بەشداری کردووە .

# بڕۆکلین لە یەکەم فیلمدا

بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ یەکەم فیلمی خۆی، کچە نمایشکاری جلوبەرگی ئەمریکی بڕۆکلین دیکەر لە گەشتێکدایە بۆ وڵاتی ئیسپانیا.

یەکەم فیلمی بڕۆکلین بەناوی (Just go with it)ە و سەرەتا لە وڵاتی ئیسپانیا نمایش دەکرێت، ئەم فیلمەش دوای چەندین ساڵ کار کردن لە بواری نمایشکردنی جلوبەرگ و دوای ئەوەی چەند کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان داوایان لێکرد بەشداری بکات،، بەڵام دوو دڵ بوو لە کۆتاییدا ڕازی بوو و پێشبینی دەکرێت سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت.



# دیسان زیندان چاوەڕێی لیندسی دەکات

کیت شوارزنجەری دادوەری ئەمریکی ڕایگەیاند پێویستە ئەکتەری ئەمریکی لیندسی لۆهان بۆ ماوەیەك زیندانی بکرێت، ئەگەر بیەوێ ڕێك بکەوێت تاکو سزاکەی سەری کەم بکرێتەوە، دوای ئەوەی تۆمەتبار کرا بە دزینی ملوانکەیەك کە نرخەکەی ٢٥٠٠ دۆلارە.

دادوەرەکە لەمبارەوە زیاتر دوا، کە هەموو ڕێککەوتنێك ڕەت دەکاتەوە ئەگەر زیندانی کردنی لۆهانی تێدا نەبێت، چونکە لە هەمان کاتدا مەرجەکانی ئازادە کردنی مەرجداریشی پێشێل کردووە، دادوەر شوارزنجەر ڕوو بەڕوو بە لۆهانی گوت، دەبێ ماوەیەك زیندانی بکرێ، من بە یەکسانی سەیری هەموو کەسێك دەکەم بۆ من گرنگ نییە کە تۆ لۆهانی، بەڵام ئەوەندە هەیە تۆ ڕووبەڕووی کەیسێك بوویتەوە بەرامبەر بە کەسێکی دیکە، ئەمە زۆر کاریگەری لە من ناکات، لەلایەن خۆیەوە لۆهان ڕایگەیاند کە بابەتەکە هەمووی هەڵە و لێك تێنەگەیشتنە، چونکە پێموایە ڕێگایان پێداوم ملوانکەکە بەشێوەی خوازراو لەگەڵ خۆم ببەم، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە نەمدزیوە.



# ئەساڵە دژی توندوتیژی گۆرانی دەڵێ

وەك پشـــتیوانییەك بۆ مافەكانی ئافرەت بە گشتی لە لوبنان خانمە هونەرمەندی بەرەگەز سووری، ئەساڵە نەسری ئاهەنگێكی گەورەی ساز كرد.
ئاهەنگەكە بە سەرپەرشـــتی دەزگایەكـــی خێرخوازی تایبەت بـــوو بۆ بەرگری كردن لە مافـــی ئافرەتان بەتایبەتـــی ئەوانەی لە ماڵەكانـــی خۆیان دووچاری توندوتیژی دەبنەوە و داهاتی ئەو ئاهەنگەش بۆ ژمارەیەك ئافرەت بوو كە لەلایەن كەسوكارەكانییانەوە رووبەرووی توندوتیـــژی بوونەتەوە و ئێســـتا ناتوانن لە ماڵی خۆیان بژین، ئەســـاڵە لەو ئاهەنگەدا داوای لە هەموو هونەرمەند و رۆشـــنبیر و نووسەران كرد كـــە ئەوانیش بەرگری لە كێشـــەیەكی مرۆڤایەتـــی لەو جۆرە بكەنەوە و بە ئە ركێكـــی مرۆڤایەتی سەر شانی هەموویانی بزانن.





# لاوێكـــی كـــورد ئامێرێكی سینەمایی دروست دەكات

هەژار یاسین لاوێكی دەڤەری مێرگەسۆرە و ســـەرەڕای ئەوەی تا ئێستا قوتابی قۆناغی ئامادەییە، بەڵام حەزێكی بێ ســـنووری بۆ سینەما هەیە و بەشداری لە چەند فیلمێكی ســـینەماییدا كـــردووە لەوانـــە ( گوڵەكانی كەركوك و لە حەشارگەی شێردا ) وەك بەشی تەقەمەنی (سپێشاڵ ئیفێكت).
هەر لەبەر ئەوە هەوڵیدا ئامێرێكی دروستكردنی دوكەڵ و تەم ومژ دروست بكات كە یەكێكە لـــە پێداویســـتییە گرنگەكان فیلـــم كە تا ئێستا لە كوردســـتان نییە و ئەگەر هەشبێت كۆمپانیاكانی لە دەرەوە دەیهێنن و دوای تەواو بوونی فیلمەكە دەیگەڕێننەوە، هەژار دەربارەی ئەم داهێنانەی دەڵێ: كەرەســـتەی خۆماڵیم بەكارهێناوە بۆ درووستكردنی ئەم ئامێرە و بەكارهێنانیشی ئاسانترە لەو ئامێرانەی لە دەرەوە دەهێنرێن و دەتوانم بە رێگایە ئەم ئامێرەوە هەر كاتێك بمەوێ تەم و مژی دروســـت بكەم ئەمەش هاوكاریەكی باشی دەرهێنەران دەكات، چونكـــە هەمـــوو كاتێك تەمی سروشتی پەیدا نابێت بۆ ئەوەی دەرهێنەران ســـوودی لێ وەربگرن.

# «وتاری شا» گرنگترین خەڵاتەکانی ئۆسکار بەدەست دەهێنێت



وەك نەریتێکی ساڵانە، ئەسـتێرە و هونەرمەندانی هۆلیوود بەجل و بەرگە رەنگین و کەشخەکانیانەوە، لە هۆڵی کۆداك لەشاری لۆس ئەنجلوس کۆبوونەوە، بۆ بەشداریکردن لە گرنگترین ئاهەنگی سـینەمایی. هـەر لە دەرگاوە فەرشی سوریان بۆ راخرا بوو بەوهیوایەی ئاهەنگی هەشتاو سێیەمینی خەڵاتەکانی ئۆسکار بەجوانترین شێواز بەڕێوە بچێت.

ئا: عەبدووڵڵا عومەر




فیلمـی درامـی بەریتانی وتاری شـا (The King>s Speech) پێشـەنگی فیلمەکان بوو کە زۆرترین خەڵاتەکانی بەدەستهێنا، ئەمەش بەخەڵاتەکانی باشترین فیلم، باشترین سیناریۆ، باشترین دەرهێنەر، باشترین ئەکتەری پاڵەوانی یەکەم، کەکۆی دەکاتە چوار دانە لە گرنگترین دوانزە خەڵاتەکانی ئۆسکار.

خەڵاتی ئۆسـکار، ناوە راسـییەکەی خەڵاتی ئەکادیمیایـە «Academy Award» ئەم خەڵاتە ساڵانە لەلایەن «ئەکادیمیای هونەر و زانستی سینەما» دەبەخشرێت کە بە گەورەترین خەڵاتی سینەمایی دەژمێردرێت لەئەمەریکا، تەنانەت هەندێك لەپسپۆڕانی سینەما پێیان وایە لە هەموو جیهان پلە یەکە.

ئەکادیمیای هونەر و زانسـتی سـینەما، ئەکادیمیایەکی تەشـریفییە، نەك زانستی، لەساڵی ١٩٢٧ز لەشاری کالیفۆڕنیا دامەزراوە، زیاتر لە ٦٠٠٠ئەندامی هەیە، ئەو لیژنەیەی هەڵسەنگاندی فیلمەکان دەکات لە ٥٨١٦ پسپۆڕ پێکهاتووە، کەبریتین لە ئەکتەری سنەمایی و دەرهێنەر و رەخنەگر.

«ئۆسـکار» نـاوی هەرە بڵاوی ئەو خەڵاتەیـە، ئەم ناوەش لەوە هاتووە، کـەوا گوایە خانمە «مارگرێت گرێب» کە بەرپرسـێکی ئەکادیمیای هونەر بـووە کاتێك بۆ یەکەمجار پەیکەری خەڵاتەکەی بینیوە سـاڵی ١٩٢٨ پێی وابووە لە مامە ئۆسکاری ئەچێت، و ئیتر لەو رۆژەوە ئەمە بووە ناوی ئەم خەڵاتە.

بەچەنـد گرتەیەکی کۆمیدی کـە لەگرنگترین فیلمەکانی سـاڵدا



دەرهێنرابوون، ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتەکانی ئۆسکار دەستی پێکرد. هەردوو ئەکتەری بەناوبانگ جیمس فرانکۆ و، ئانن هاساوای پێشکەشکاری سەرەکی خەڵاتەکە بوون.
فیلمی وتاری پاشا کە بۆ ١٢ خەڵاتی ئۆسکار پاڵێوراو بوو، توانی تەنیا چواریان بەدەست بهێنێت، گرنگترینیان خەڵاتی باشترین فیلم بوو کە ململانێیەکی بەهێز هەبوو لەنێوان ئەو فیلمە ئەم فیلمانەی ناویان دێ:
The Social Network، True Grit، Black Swan، The Hours، ١٢٧ ،Fighter، Inception، The Kids Are Alright Winter>s Bone هەروەها فیلمی ئەنیمەیشن Toy Story ٣ کە پاڵێوراوو بوو بۆ بەدەستهێنانی باشترین فیلم و باشترین فیلمی ئەنیمەیشن توانی خەڵاتی باشترین فیلمی ئەنیمەیشن بەدەست بهێنێت.
ئەکادیمیا بۆ باشترین ئەکتەر لەخانمان ناتالی بۆرتمان-ی هەڵبژارد، ئەمەش بەرۆلی سەرەکی لە فیلمی Black Swan بەم فیلمەش ناوبانگی ناتالی زۆر بەرز کردووە و، توانی سەرکەوێ بەسەر هەریەك لە ئەنیت بینج، نیکۆڵ کیدمان، میشێل ولیامز، و جێنیفەر لۆرانس.



هەروەك پێشتر باسمان کرد باشترین ئەکتەری پیاو درا بە پاڵەوانی فیلمی وتاری شا ئەویش هونەرمەند کۆڵین فێرت بوو، کە بە لای چاودێرانەوە ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، ئەم خەڵاتەش واتە سەرکەوتنی بەسەر هەریەك لە جیسی ئیزنبێرگ، جیف بریدیج، خافییر باردم هەروەها جێمس فرانکۆ.
تۆم هۆبر کە فیلمی وتاری شای دەرهێنابوو توانی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەر بەدەست بێنێت کە ئەمەش بەرای زۆرێك لە چاودێران جێی سەرسوڕمان بوو، چونکە پێیان وابوو کە دەبێت دەرهێنەر دافید فینشەر کە فیلمی The Social Networ دەرهێناوە ئەو خەڵاتە وەربگرێت.
شایەنی گوتنە ئۆسکار، بریتییە لە پەیکەرێك کە بە مس دروستکراوە، وبەزێر بەرگ پۆش کراوە. درێژییەکەی ٣٤سم وکێشەکەی ٣،٨٥کگمە، و بریتیە لە سوارچاکێك بەپێوە لەسەر بەکرەیەکی فیلم راوەستاوە، وشمشێرێکی بەدەستەوەیە.
ئەمەی خوارەوە لیستی ئەو خەڵاتەکانە:



باشترین فیلم «The King>s Speech»
باشترین ئەکتەر: کولین فیرپ لە فیلمی «The King>s Speech»
باشترین ئەکتەری ئافرەت: ناتالی بورتمان لە فیلمی «Black Swan»
باشترین پالأەوانی دووەم:کریستیان بیل لە فیلمی «The Fighter»
باشترین پاڵەوانی دووەم لە ئافرەتان:میلیسا لیو «The Fighter»
باشترین دەرهێنەر:توم هوبر «The King>s Speech»
أفچل سیناریو «The King>s Speech»
باشترین سیناریۆ کەلە بەرهەمێکی ئەدەبی وەرگیرابێت«The Social Network»
باشترین فیلمی ئەنیمەیشن«Toy Story ٣»
باشترین فیلمی بیانی فیلمی دانیمارکی«In a Better World»
باشترین وێنەی سینەمایی«Inception»
باشترین مۆنتاج«The Social Network»
باشترین دەرهێنانی هونەری«Alice in Wonderland»
باشترین شێوازی جلوبەرگ «Alice in Wonderland»
باشترین ماکیاژ«The Wolfman»
باشترین مۆسیقا کە بۆ فیلم ئامادەکرابێت: ترنت ریزنور و ئەتیکوس روز لە فیلمی «The Social Network»
باشترین گۆرانی کە بۆ فیلم ئامادە کرابێت، گۆرانی«We Belong Together» لە فیلمی «Toy Story ٣»
باشترین تێکەڵ کردنی دەنگ«Inception»
باشترین مۆنتاژی دەنگ«Inception»
باشترین کارلێکراوی وێنەیی«Inception»
باشترین فیلمی دۆکۆمێنتی«Inside Job»
باشترین فیلمی دۆکۆمێنتی کورت«Strangers No More»
باشترین فیلمی ئەنیمەیشنی کورت«The Lost Thing»
باشترین کورتە فیلم «God of Love»

